بەبێ توانج

# ئەو ناوانەی خوارەوە هەموو کوردن !!!!

رزگار کۆچەر
rzgar_kochar@hotmail.com

ئیبراهیم تاتلیس , یونس شەلەبی , سەباح فەخری , رەعد حەمودی , سالح موتلەگ , گلاشینکۆفی داهێنەری کلاشینکۆف , عەلی عبداللەی سەرۆکی یەمەن , کۆفی ئەنان , کیم جۆن سۆن , جاك شان , وردە جزائیری , شامی کابور , یاریزان ئیتۆ , غەوار تورشی , نانسی عەجرەم , کورە پلکی حوسنی موبارەکی ببوورن ناوەکەیم بیر چوە , مەرەدۆنا , حەسەن نەسرولا , هایدە , سەلاح قەلاب , رۆنالدینۆ , ئیسماعیل هەنیە , فەلاح حەسن , کازم متەشەر , سەعد حلی , فەرید ئەترەش , لەتیفە تونسی , سەمیر غانم , شارلی شاپلن , ئەدیسۆن , ئەبوو هرێرەی کەزاب , کوری هاری شوت , هارون رەشید , کارلۆسی گەورە جاسوس , سولتان قابوس ئەمیری سەلتەنەی عومان , حاتەم عیراقی , فەرید شەوقی , هیفا وەهبی , عەدنان ولینا , ژنی پاپای , کاپتن نامیق ....

لە کۆتایش داوا لە رۆژنامە سەر ئازادەکان دەکەم ئەگەر بەنیازی دیمانە سازین لەگەڵیان ئەوا پێشنیارم بۆ پیاوەکان ئەوانەی لە ژیان ماون تاخمێك کورتەك و شەرواڵی مورادخانی و بۆ خانمە بەرێزەکانیش دەستەیەك کراس و کەوای کوردەواریان بۆ بە دیاری ببن چونکە وەك ئاگادارن ئێستا خەڵك بەبەلاش نە دیمانە دەکات نە دەنوسێت , بێجگە لەمەش نەوەك ئەوانیش وەك ئیبۆ لە تەلەفزیۆنەکان زمان کورتمان کەن و ئینکاری لە کورد بونی خۆیان بکەن , داواش لە موختاری گەرەکەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەکەم پلیتی بایەع و تەئید سەکەنیان بە خێرا بۆ دروست بکەن تا ئەوانیش وەك ئێمە مافی دەنگ دانیان هەبێت , وە داوا لە شارەوانیش دەکەم یەکەو پارچەیەك ئەرزەیان بۆ دەست نیشان بکەن و تەکیدیش بە چاکی لە ناوەکانیان بکەن نەوەك ئەوانیش بە نازناو وەك کابرا دوو سێ پارچە ئەرزەیان وەرگرتبێت ئەگەر نا لەگەل گەرانەوەیان بۆ نیشتیمان پێشنیارم ئەوەیە لەشاری خەونەکان و بەهشتی شار یەکەو ڤیلایان بەناو بکەن ...

وسلام علیکم ....